# ئەو دەستەی دەبەخشێت بەزرترە، سەرەتا ببەخشە بە ئەوانەی -کە خەرجیان لەسەرت واجبە-: دایکت وباوکت وخوشکت وبرات وپاشان کەسەکانی ترت بە پێی نزیکیان

لە تاریقی موحاریبییەوە دەڵێت: هاتین بۆ مەدینە؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەستا بوو لەسەر مینبەر وتاری دەدا بۆ خەڵکی ودەیفەرموو: «ئەو دەستەی دەبەخشێت بەزرترە، سەرەتا ببەخشە بە ئەوانەی -کە خەرجیان لەسەرت واجبە-: دایکت وباوکت وخوشکت وبرات وپاشان کەسەکانی ترت بە پێی نزیکیان».
[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێویستە مرۆڤ دەستی هەمیشە بەرز بێت وببەخشێت وچاکەکار بێت بە پێی حاڵی وتوانای، ونابێت هەر وەربگرێت وداوا بکات؛ چونکە بەخشین وخەرجکردن وادەکات دەستی مرۆڤ بەرز وباڵا بێت، وهەورەها لەسەریەتی کە خەرجی بکات لەسەر کەسە نزیکەکانی وخزمەکانی ودڵیان بداتەوە هێندەی دەتوانێت وپێی دەکرێت، وبە گرنگترین دەست پێبکات پاشان ئەوانەی لە خوارەوەن، دایک چونکە لە پێشەوەیە دوای ئەوە باوک، وخوشک لە پێش برایە، بەم شێوەیە چاوی لە کەسە نزیکەکانی دەبێت بە پێی پلەی نزیکی خزمایەتیان ئەگەر ئەوەندەیان نەبوو کە پێویست بێت وبەشیان بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58181

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee